# زەواجی (مسیار)،یان
# هەنگاوێکی تربۆسوکایەتی کردن بەژنان ...!!

شادیە حەسەن



لەم دواییانەدا دەسەڵاتی کوردی،بەبیانووی بەرگرتن بەدیاردەی لەشفرۆشی وکەم کردنەوەی خۆسوتاندنی ژنان،بڕیارێکی نوێی دەرکرد،تاچەند ئەم بڕیارە پەسەنددەکرێت،یان ناکرێت،بەڵام بۆخۆی قسەکردن لەسەرجێ بەجێ کردنی،یان نەکردنی لەکارنامەی دەسەڵاتی کوردی دا شتێکی لەوجۆرە بوونی هەیە ... ئەوبڕیارەی حکومەت تاچەند ڕاستە،یان هەڵەیە،بەپێ ئەوەی لەهاوڵاتی ژمارە(333)دائاماژەی بۆکراوە،هەنگاوێکە بەئاڕاستەی چارەسەرکردنی هەردوو دیاردەی لەشفرۆشی وخۆسوتاندنی ژنان،بەڵام ئەوبڕیارە بۆخۆی لەهەناوی داهەڵگری جۆرێکی ترلەچەوساندنەوەو پاشاگەردانی و زیادکردنی لەشفرۆشی یە،پێشمان وانەبێت بەقبوڵکردنی زەواجی مسیار،هەنگاوێکی نوێمان ناوە،یان گۆڕانکاریمان کردوە ... چونکە دەمێکە ئەجۆرە زەواجە لەووڵاتانی کەنداو بوونی هەیە،کەبۆخۆی جۆرێکی ترە لەفرەژنی و برەودانیشە، بەدیوێکی تردا بەلەشفرۆشی ...

ئەگەردەسەڵاتی کوردی دەیەوێت هەنگاوێک بەجدی وبەئاڕاستەی باشکردنی ژیانی ژنان و چارەسەرکردنی دیاردەی لەشفرۆشی وفرەژنی و خۆسوتاندنی ژنان بنێت،ئەوا ڕێگاچارە زۆرەو دەکرێت دەسەڵات دەستی بۆببات و کاری لەسەربکات ... لەگەڵ ئەوەی دیاردەی لەشفرۆشی تایبەت نی یەبەکۆمەڵگایەکی دیاری کراو بەدرێژایی مێژوو بوونی هەبوو ،تابەزەمەنی ئێستا دەگات و قۆناغ دوای قۆناغ بەرەوو زۆربوون و کەم بوونەوە چووەو، لەهەرکۆمەڵگایەکیش دا تایبەت مەندی خۆی هەبووە، بەڵام دەکرێت بڵێین بەگشتی،ئەوانەی دووچاری لەشفرۆشی بوون،فاکتەری ئابووری هۆکاری یەکەمین بووە، تالەزەتی تایبەتی ،بۆیەدەکرێت لەرێگەی باشکردنی باری ئابووری ژنان وخانەوادەکانیانەوە کەمێک بەربەودیاردەیە بگیرێت ، بەڵام ناتوانین بڵێین بەتەواوەتی کۆتایی بەودیاردەیە دێت،چونکە حاڵەتی شازهەیەو ئەوەش جۆرێکە لەنەخۆشی ... بەدیوێکی تردا بەستنەوەی خۆسوتاندنی ژنان بەلەشفرۆشیەوە،ئەمەیان نەک هەڵەیە بگرەتائەوپەڕی تێنەگەیشتنە لەکێشەو مافەکانی ژنان،چونکە ژنان لەبەرامبەر ئەوهەمووئازاروتوندوتیژیەی لەدژیان بەکاردەهێنرێت وڕێگالەخواست وئازادیەکانیان دەگیرێت،بۆیە پەنا بۆخۆسوتاندن دەبەن . کاتێک دەسەڵات دەیەوێت ئەودوودیاردەیە بەیەکەوە ببەستێتەوە،بەبیروڕای من ئەمەشیان جۆرێکی تر لەناهەقی و سووکایەتیەکی ترە بەمافەکانی ژنان،ئەگەرنا دەسەڵات لەسەیرانگاو پارکەکاندا پۆلیسی چاودێری داناوە بۆچاودێری کردنی ژوانی ئەوکوڕوکچانەی ئەوشوێنانە دەکەنە جێ ژوانی خۆیان و لێیان تێک دەدەن و هەندیک جار سووکایەتیان پێ دەکەن،لەوسەریشەوە پێشنیاری زەواجی مسیاردەکات دەکات بۆچارەسەرکردنی دیاردەکان وکێشەکانی ژنان،کەئەمەتائەوپەڕی تێنەگەیشتنی دەسەڵاتی کوردی دەردەخات بەوەی ئاگای لەکێشە ڕاستەقینەکانی کەنجان وژنان نی یەو کێشەکانیان تەنها بەسێکس دەزانێ،ئەگەرنا دەبوایە دەسەڵاتی کوردی لەبری ئەوەی پێشنیاری زەواجی مسیاری بکردایە ،کۆمەڵێک شوێنی کۆمەڵایەتی تایبەتی بکردایەتەوە بۆئەوژنانەی دووچاری لەشفرۆشی هاتوون،بۆئەوەی بگەڕێنەوە بۆژیانی ئاسایی و لەو شوێنانەدا فێری کارکردن وپشت بەخۆبەستن بکرێن و هۆشیاربکرێنەوە بەمافەکانیان وخراپی دیاردەی لەشفرۆشی و زیانەکانیان بۆباس بکرێت بۆئەوەی ژنان ئاشنابن بەترسناکی ئەو دیاردەیە، دەکرێت هەرناوی ئەوشوێنانە بنرێت ( گەڕانەوە بۆژیان ) .. جیالەوەش کۆمەڵێک یانەی تایبەنی بەگەنجان بکاتەوە،بۆئەوەی گەنجان کاتەکانی خۆیان لەوشوێنانە بەسەر بەرن بەهەردوو ڕەگەزەوە،تادوور بکەونەوە لەسەرشەقامەکان و تەشەردان و بێ هیوابوون بەژیان و نامۆبوون ... ئەمانەدەکرێت هەنگاونانی جدی بن بەئاڕاستەی چارەسەرکردنی بەشێک لەکێشەکانی ژنان و گەنجان و هەنگاوێکیش بێت بەئاڕاستەی کەمکردنەوەی دیاردەی لەشفرۆشی وخۆسوتاندنی ژنان و ئاڕاستەیەکیشە بۆ بەمەدەنی کردنی

کۆمەڵگا ... لایەنێکی تریش ئەوەیە دەسەڵاتی کوردی مەدەنیەت ویەکسانی قبـوڵ بکـات و ڕێگـا لەویـست وئارەزوەتایبەتیـەکانی کۆمـەڵگا نەگرێت وئازادی خۆشەویستی قبوڵ بکات و مەسەلەی شەرەف پاریزی کۆتایی بێت و ژنان بەناوی شەرەفەوە نەکوژرێن ...

2007/7/4